هەرێمی کوردســـتان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران
# ژمارە (٩) لە ٢٠١٩/٧/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، ولەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/٣٠، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:**

گەڕانەوەی گشت داهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم سەرچاوەکانی داهاتەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو لایەنی تایبەتمەند لەم بوارە بەپێی یاسا بەرکارەکان تاوەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری داهاتی گشتی هەرێم ڕێکبخاتەوە بە شێوەیەکی گشتگیر و بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ بگرێت.

**دووەم:**

سەبارەت بەو وەزارەتانەی کە پێشتر بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ڕێژەیەك لە داهاتی ناوخۆیی خۆیان گلدەدایەوە و ڕاستەوخۆ بۆ بوارەکانی خەرجیی وەزارەتەکەیان بەکاریان هێناوەتەوە، بۆ لەمەودوا پێویستە تەواوی داهاتی ناوخۆی وەزارەتەکانیان بەو ڕێژانەشەوە کە ئاماژەیان پێدراوە بەپێی ڕێکارە ژمێرارییە پەیڕەوکراوەکان ئاڕاستەی وەزارەتی دارایی و ئابووری بکەنەوە.

**سێیەم:**

ڕاسپاردنی (وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران) و بە بەشداری فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانەی خوارەوە:

١. دەستنیشانکردنی بڕی پارەی پێویست وەك تەرخانکراوی مانگانەی خەرجییەکانی هەر وەزارەتێك بە جیا لەسەر بنەمای پێداویستی و پرۆژەکانیان بە هەماهەنگی و گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەگەڵ هەر وەزارەتێك بەپێی تایبەتمەندی.
٢. چارەسەرکردنی کێشەی بیرۆکراسی و دواکەوتنی خەرجکردنی تەرخانکراوی خەرجییەکانی هەر وەزارەتێك کە بەپێی بڕگەی (١)ی سەرەوە دەستنیشان دەکرێت و کێشەی نەبوونی سیولە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.

**چوارەم:**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران